# نەوشیروان مستەفا

## ململانێی خۆی لە ناو یەکێتیدا دەخاتە ناو مەسەلە چارەنووسسازەکاندا

چەند رۆژێکە مەسەلەی میکانیزمی هەڵبژاردن و سنووری دەسەلاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دروستکردووە و هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی نوێی کوردستان دوابخرێت.

ئەوەی شارەزاری یەکێتی بێت باش دەزانێت کە یەکێتی هەموو جارێ چۆن بە فرت و فێل دەچێتە ناو مەسەلە چارەنووسسازەکان و پێشی وایە هەموو کاتێك بەو فرت و فێلەی خۆی دەتوانێ کۆسپ بەرامبەر بە پارتی دروست بکات، وەك ئەوەی کە ئێستا دەیبینین.

پارتی و یەکێتی لە ٢٠٠٤/١٢/١ رێککەوتنیکیان ئیمزا کردبوو، بە پێی ئەو رێککەوتنە پارتی پشتگیری لە مام جەلال بکات بۆ ئەوەی پۆستی سەرکۆمار وەرگرێ و بەرامبەردا کاك مەسعود بارزانی پۆستی سەرۆکس هەرێم وەرگرێ و بۆ یاسای سەرۆکی هەرێمیشی هەردوولا وا رێك کەوتبوون کە یاسای رابەر بکرێتە بنچینە.

پارتی ئیلتزاماتی خۆی بەجێ گەیاند، کە بەداخەوە نەدەبوو ئەو جۆرە رێککەوتنە لە گەڵ یەکێتی دا بکات، چونکە کەسێکی جاشی ئەلجاشی لە جاشایەتیەوە گەیاندە پۆستی سەرکۆمار، کە ئێمەی خەڵکی کوردستان ئەم هەڵسوکەوتەی پارتیمان، بە تایبەتی ئەوەی کاك مەسعود بە پشتگیری کردنی مام جەلال لە وەرگرتنی ئەو پۆستەدا بە سلبی لە قەڵەم دەدەیێن چونکە ئەو زاقە ئەسڵەن هی ئەو نەبوو پاش ئەو هەموو جاشایەتیەی ئەو یکرێ بە نوێنەری کورد بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە، هەر ئەو کاتیش چەند نووسینێکمان بلاوکردەوە کە تیایدا داوامان لە پارتی کرد بوو ئەو هەڵە گەورەیە نەکات و ئەگەریشی دەیکات با ئاکای لە فرت و فێلی یەکێتی بێت، چونکە نە مامە و نە یەکێتی هیچ کاتێك جێی باوەڕی نەبووینە و مێژووی هەردوکیشیان لەلای خەڵکی روون و ئاشکرایە و راستی ئەو بیروبۆچوونەشمان ئێستا بە دیاردەکەوێ، چونکە بە وەرگرتنی پۆستی سەرکۆمار لە لایەن مام

جەلالەوە، بە خۆی و لایەنەکەی کەوتنە دروست کردنی کۆسپ لە بەردەم پارتی و پێیان وایە کە ئەگەر پۆستی سەرکۆماری وەرگیرا ئیتر پشت لە پارتی دەکەن و بە پێی مەرجی خۆیان دێنە ناو مەسەلەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە.

هەر بۆ ئاگاداری خەڵکی کوردستان پاش رێککەوتنەکەی مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤ تا رۆژێك بەر لەوەی پەرلەمانی کوردستان دابنیشێ، راو بۆ چوونی یەکێتی ئیجابی بوو، بەڵام هەر ئەو رۆژە فکری خۆیان گۆڕی و هەندێ مەسەلەیان وروژاند کە ئەسڵەن پێشتر باسیان لێوە نەدەکرد وەك ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم و دەستەڵاتی سەرۆك کە ئێستا یەکێتی لە هەولێر وا بڵاودەکەنەوە کە گوایە پارتی داوای کردووە کە سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ١٢ ساڵ بێت کە ئەمەش دوورە لە راستی، چونکە پرۆژەکەی پارتی ئامارژە بە ٤ ساڵ دەکات نەك ١٢ ساڵ.

سەبارەت بە دەستەڵاتی سەرۆکیش وا تەرح دەکەن کە دیوانی چاودێری دارایی دەبێ سەر بە پەرلەمان بێت نەك سەرۆکی هەرێم وەك ئەوەی پارتی دەیەوێ، کە ئەمەیش بە پێچەوانەی یاساکانی هەموو جیهانە کە دیوانی چاودێری دارایی سەر بە سەرۆکە نەك پەرلەمان، چونکە پەرلەمان دەسەڵاتێکی تەنفیزی نییە، بەڵکو لایەنێکی تەشریعیەو لایەنی تەشریعیش بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە دەسەڵاتی تەنفیزیەوە نییە.

یەکێتی پاش ئەوەی کە دیتی پۆستی سەرکۆمار دەسەڵاتێکی رەمزییە و هیچ کاریگەریەکی لەسەر سیاسەتی دەوڵەتی عیراقدا نییە و پۆستێکی زەروەرەق، ئیتر کەوتە خۆی و دەیەوێ پۆستی سەرۆك هەرێمیش وەك ئەوەی شعوری ئەوەی هەبێ کە پۆستی سەرۆکی هەرێم تەنها وەرگرتنی نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی نەتەوەییەوە لە دانانی دەسەڵاتیی ئەو پلەیەش دەبێ حیسابی دوارۆژی بۆ بکرێ.

چاودێران زۆر بەوردی هەستی بەوە دەکەن کە پاش ئەو ناکۆکیانەی ناو یەکێتی وپە پرابوونی باڵی مەتەبی سیاسی کە ئێستا زۆر بەزەقی هەستی پێ دەکرێ لەوانەیە مام جەلال ئەو دەسەڵاتەی کە پێشان هەیبوو وەك خۆی نەمابێتەوە، چونکە نەوشیروان مستەفا کە ئێستا خۆی بە کولفیلکول دادەنێ پێی وایە کە مام جەلال بەرامبەر بە وەرگرتنی پۆستی سەرکۆماری یەکێتی بە پارتی فرۆشتووە، بۆیە هەول

دەدات بەرەکە لە بن پیێ مام جەلال دەربهێنیێ و خۆی ببێ بە شەخسی یەکەمی ناو یەکێتی و بەو هەڵوێستە ناسروشتی و توندەکانی دەست بە سەر یەکێتیدا بگرێ.

گەلی کوردستان هیچ شیۆەیەك قبوڵ ناکات نەوشیروان ململانێی خۆی بخاتە ناو مەسەلەیەکی وا چارەنووسساز و قەتیشی قەبول ناکات بە پێی مەزاجی کەسێکی وەك نەوشیروان کە هەرۆژی لە سەر مەزهەبێك یاری دەکات گاڵتە بە چارەنووسمان بکات.

ئەحمەد هەولێری